

### تارا عەلی:

# ئافرەتان بۆ ئیرادەی کارکردن هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە

## ئافرەتێکی کورد چیرۆکی سەرکەوتنەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەگێڕێتەوە

لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، دایکی چوار منداڵە و دوای ساڵانێک غوربەت و دوورەوڵاتی، لەگەڵ هاوسەرەکەی لە هەندەران گەڕاوەتەوە بۆ کوردستان و لە هەولێری پایتەخت نیشتەجێ بوون. تارا عەلی لە ئێستادا ریستۆرانتێکی خنجیلانەی سەربەخۆی کردووەتەوە و سەرەڕای باسی دۆخی کارەکەی و جۆری ژیانی خێزانەکەی دەکات، نیگەرانیی خۆیشی لەوە دەردەبڕێت کە زۆرێک لە خێزانەکان، (بەتایبەتی باوک و هاوسەر) رێگری لە کارکردنی کچ، یان هاوسەری خۆیان دەکەن، جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتان پێویستە ببنە خاوەن داهاتی خۆیان و ئەوەش بە پێوەرێکی گەورەی سەرکەوتنەکان لە قاندرمەی ژیان لەقەڵەم دەدات.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

تـارا عەلـی مەعـرووف، لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەدا کـە بیرۆکـەی کردنـەوەی چێشـتخانەکەی چـۆن لـەلای دروست بـووە؟ دەڵێت: «مـن هـەر لـە تەمەنـی منداڵیمـەوە واتـە لـە یانزە ساڵیەوە حەزم بە ئیشی مەتبەخ کردووە و بەردەوام لەگـەڵ دایکم خواردنم دروست دەکرد. دوای ئـەوە وردە وردە خـواردن دروسـتکردن بـووە هیوایەتێکـی گـەورە لـە ژیانـی منـدا و بوومـە باشـترین چێشـتلێنەر کاتێـك تەمەنـم گەیشـتە ١٣ سـاڵی، هـەر بـە تەمەنـی منداڵیـش واتـە لـە چـواردە سـاڵان لەگـەڵ هاوسـەرەکەم ژیانـی هاوبەشـمان پێکهێنـا و باشـترین کابانـی ماڵـی خـۆم بـووم. ئـەم حـەز و ئاواتـەم (دروسـتکردنی خواردن) ساڵانێکی زۆر هـەر لـە مێشـك و دەروونـدا مابـوو، حـەزم دەکـرد ببـم بـە یەکێـك لـەو ئافرەتانـەی کـە بـە رەنجـی شانی خـۆی و بە عارەقی ناوچەوانی پارەیەکی حەڵاڵ پەیـدا بـکات و لەسـەر پێـی خـۆی بوەسـتێت. بێگومـان هەمیشـە پێـم خـۆش بـووە ناوبانگێـك بـۆ خـۆم دروست بکـەم. سـاڵی ١٩٩٥ بـەرەو هەنـدەران بەرێکەوتیـن و لەگـەڵ هاوسـەرم چەندیـن سـاڵ لـە ئەوروپـا ژیانـم بەسـەر بردووە، لـە وڵاتـی ئەڵمانیاش خاوەنی چێشـتخانە بـووم، بـەلام خواردنـی ئەوروپیـم هەبـوو، مـاوەی سـاڵ و نیوێکـە گەڕاومەتـەوە کوردوسـتان و پێـم خـۆش بـوو، ئـەو تەمەنـەی ماومـە خزمـەت بـە خەڵـك و نیشـتمانی خـۆم بکـەم، ئێسـتاش لـە شـاری هەولێـری خۆشەویسـت ریسـتۆرانتی خـۆم هەیـە و بـێ کێشـە لـە کەشـێکی ئارامـدا رۆژانـە درێـژە بـە کارەکـەم دەدەم و لەگـەڵ هـاوڕێ و هاوپیشـەم وەسـتا رێبیـن کەبابچـی کارەکان بـە جوانـی جێبەجـێ دەکەیـن.»

بـەو جـۆرەی تـارا عەلـی باسـی دەکات، چ لـە خێزانـی خـۆی وەك بـاوك و بـرا و چ هاوسـەرەکەی، نـەك تەنیا رێگرییـان لەکارکردنـی ئـەو لـە دەرەوەی مـاڵ نەکـردووە، بەڵکـو بەپێچەوانـەوە زۆر پاڵشـتییان کـردووە. هـەر لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: «رۆژ و سـاتێك تووشـی بەربەسـت نەبـووم، بگـرە پاڵپشـتیشـم هەبـووە لـە هەمـوو کارێـك ئەنجامـم دابێـت، کـە ئەویـش هاوسـەرم بـووە کـە زۆر پشـتگیری کـردووم و ئێسـتاش ئـەو ریسـتۆرانتەی کردوومەتـەوە و رۆژانـە کاری تێـدا دەکـەم، جوانتریـن دیـاری بـووە بـۆ مـن لـەلای هاوسـەرمەوە کـە پێشکەشـی کـردووم، بۆیـە زۆر سوپاسـی ماندووبـوون و هەسـت و خۆشەویسـتیی هاوسـەرەکەم دەکـەم. مـن بـەش بـە حاڵـی خـۆم هیـچ کـەس و لایەنێـك رێگـر نەبـووە لەبـەر دەم کارکردنـم، کۆمەڵگـەش چ دەڵـێ، بـا بیڵـێ..»

تـارا عەلـی لـە درێـژەی قسـەکانیدا پەیامێکـی بـۆ دایـك و بـاوکان و خـودی ئافرەتـان هەیـە و دەڵێـت: «تـکام لـە دایـکان و بـاوکان و هاوسـەران هەیـە چیتـر ئافـرەت بـە هـۆی خواسـتی کارکـردن سـەرکوت نەکـەن، بـا خانمانـی ئێمـەش لەمـاڵ بێنـە دەرەوە و بـڕۆن کار بکـەن و بـە رەنجـی شـانیان داهاتـی خۆیـان دابیـن بکـەن، پێویسـتە ئافرەتانیـش جیـل بـە جیـل پێداگـری لەسـەر کارکردنیـان بکـەن و لـە بـری ئـەوەی دەسـت بـۆ کەسـوکاریان پـان بکەنـەوە، لەسـەر پێـی خۆیـان بوەسـتن. پیاوانیـش دەبـێ هاندەریـان بـن، نـەك رێگـری لـە کارکردنیـان بکـەن، هەروەها پێویسـتە هـان بدرێـن تـا دەگەنـە ئاسـتی لووتکـە، چونکـە هانـدان و پیاهەڵـدان هاندانـە بـۆ کاری جوانتـر و باشـتر، دەبێـت ئـەوەش لەبەرچـاو بگریـن کـە خانمـان تـا دەگەنـە ئامانجەکەیـان، باجـی گـەورەی کۆمەڵگـە و خێـزان دەدەن. زۆر لـە خانمـان حـەز بـە کارکـردن دەکـەن، بـەلام بـاوك و بـرا، یـان هاوسـەر رێگرییـان لـێ دەکات، ئەوەتـا تـا ئێسـتاش لەنـاو زۆر بنەماڵـەدا شـتێکی قـورس و عەیبەیـە ئافـرەت لـە دەرەوەی مـاڵ کار بـکات. بـەڵام لـە راسـتیدا ئافـرەت لـە ریـزی پیاوانـە و ئافرەتـان بـۆ ئیـرادەی کارکـردن هیچییـان لـە پیـاوان کەمتـر نییـە و دەیانەوێـت خـاوەن داهاتـی خۆیـان بـن.

لـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارەشـدا کـە ئایـا لـە ریسـتۆرانتەکەت خانمـان کاردەکـەن؟ دەڵێـت: «خانمـان هەبـوون بـۆ کارکـردن، بـەڵام زۆربەیـان کێشـەی کاتیـان هەبـوو، هەبـووە سـەعات چـواری عەسـر ئیزنـم داوە، هێشـتا نـاڕازی بـوون، دەیانگـوت کاتەکـە درەنگـە بـۆ چوونـەوە، چونکـە لـە ماڵـەوە رێگـری دەکـەن.»

ئەمـڕۆ وەك موشـتەری کچێکـی باڵاپـۆش و جوانـم لابـوو، وتـی: خۆزگـەم بـە خـۆت تـارا خـان کـە ئـەم شـوێنەت هەیـە، هەمـوو هیوایەتـم ئەوەیـە ریسـتۆرانتێکی وام هەبـێ، بـەس باوکـم ناهێڵـێ. باوکـی وتبـووی: کەواتـە بڵـێ مەلهـا دەکەمـەوە.. سـەیری ئـەو نەریتـە بکـە کـە کارکـردن لـە چێشـتخانە و ریسـتۆرانت لەگـەڵ مەلهـا لـە یـەك مسـتەوا دادەنێـت.»

تارا عەلـی لـە گێڕانـەوەی چیرۆکـی سـەرکەوتنەکانی ژیانـی بەردەوامـە و هـەر لـەو بارەیـەوە دەڵێـت: «مـن لەبـەر ئـەوەی زیـاد لـە ٢٢ سـاڵ لـە ئەڵمانیـا ژیـاوم، هـەر چـوار منداڵەکـەم زۆر بـە جوانـی پـەروەردە کـردووە، تـا قۆناغـی ماسـتەرم پـێ تـەواو کـردوون. سـێ لـە منداڵەکانـم مـاڵ و حاڵـی خۆیـان دامەزرانـدووە، کچەکـەم شـووی کـردووە و دوو منداڵـی جوانـی هەیـە، دوو کـوڕم ژنیـان هێنـاوە و منداڵیـان هەیـە، تەنیـا کـوڕە بچووکەکـەم مـاوە کـە لەگـەڵ باوکیەتـی، ئەویـش گەورەیـە و تەمەنـی ٢٢ سـاڵە، واتـە هەموویانـم بـێ کێشـە دامەزرانـدووە، بـە رازیبوونـی باوکـی منداڵەکانـم ئێسـتا لێـرە کار دەکـەم، هاوسـەرەکەشـم شـێفی مـگارە لـە شـاری هانۆڤـەری ئەڵمانیـا، ئـەوان سـەردانم دەکـەن و منیـش دەچمـەوە بـۆ سـەردانیان..» وەك دواقسـەشـی گوتـی: «دوو کتێبـم نووسـیوە و خواردنەکانـی نـاوی هەمەجـۆرن، ویسـتم لـەو رێگاشـەوە خزمەتێـك بـە کابانـەکان بکـەم.»

**ماوەی ساڵ و نیوێکە گەڕاومەتەوە کوردوستان و پێم خۆش بوو، ئەو تەمەنەی ماومە خزمەت بە خەڵك و نیشتمانی خۆم بکەم**

**ئەو ریستۆرانتەی کردوومەتەوە و رۆژانە کاری تێدا دەکەم، جوانترین دیاری بووە بۆ من لەلای هاوسەرمەوە کە پێشکەشی کردووم**

**با خانمانی ئێمەش لەماڵ بێنە دەرەوە و بڕۆن کار بکەن و بە رەنجی شانیان داهاتی خۆیان دابین بکەن**

**پێویستە ئافرەتانیش جیل بە جیل پێداگری لە سەر کارکردنیان بکەن و لە بری ئەوەی دەست بۆ کەسوکاریان پان بکەنەوە، لەسەر پێی خۆیان بوەستن**



# ئافرەتێکی بەساڵاچوو نهێنییەکانی ژیانی بۆ گوڵان دەدرکێنێت

**ئافرەت لە هەر خێزان و کۆمەڵگەیەکدا پێگە و رۆڵی بەرچاوی لە رایيکردنی کاروباری ژیاندا هەیە، بەڵام لە هەندێ وڵاتی نەریتیدا (بە کوردستانیشەوە) نەک رێز لەو پێگە و توانا و رۆڵەی ناگرن، بگرە زۆر جار ستەمی لێ دەکرێت و هیچ حیسابێک بۆ خواست و ئاواتەکانی ناکرێت. یەکێک لەو ئافرەتانە نهێنییەکانی ژیانی بۆ گولان دەدرکێنێت و، وەک توێژەرێکی کۆمەڵایەتی باسی دەکات، گەرمیی ئازارەکان سووتاندوویەتی و تەنیا شتێک لەلای ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئاە وناڵەی خۆی بداتە دەست پەروەردەگار، تا مافەکانی بۆ وەربگرێتەوە.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

فاتم ئافرەتێکی بەتەمەن و بەساڵاچووە و وەك خۆی باسی دەكات، تەمەنی لە ٧٠ ساڵ تێپەڕیوە و لە ئێستادا چاوكز و پشت چەماوە بە تەنیا لە ماڵەكەی خۆیدا دەژی. خەڵكی گەڕەك بە «پوورە فاتم» بانگی دەكەن و زۆر رێزی لێ دەگرن.

ژیانی ئەو ئافرەتە وەك زۆرینەی ئافرەتانی كورد بەدەر نەبووە لە شێوازەكانی توندوتیژی و باڵادەستیی پیاو، هەم وەكو باوك و هەمیش وەكو هاوسەر. ئەو خاتوونە داپیرەی كچێكی هاوڕێمە و رۆژێك بە رێكەوت بوخچەی نهێنییەكانی خۆی بۆ گوڵان كردەوە، بەڵام رازی نەبوو وێنەی بگیرێت و گوتی: «نامەوێ بە ئاخیری عومری رەسمم بچیتە سەر جەریدەی»

پوورە فاتم بەمجۆرە باسی رابردووی خۆی دەكات: «عومرم نەببوو بە ١٥ ساڵ بابم لەبەرامبەر مێگەلێك مەڕ منی دا بە بابی منداڵان كە بە تەمەن گەلێك لە من گەورەتر بوو، سێ كیژم لەسەر یەك بوون، دوای ئەوە خوای گەورە كوڕەكی دامێ، ناومان لێنا (شوان) هەتا ببیتە شوانی خوشكان، لە دوای وی كیژەكی دیكەشم بوو، بوومە دایكی كوڕێك و چوار كیژان. ئێمە مەڕدار بووین و گەرمیان و كوێستانمان دەكرد، بەخۆم ئیشی دوو پیاوانم دەكرد، دڵم زۆر بە كیژەكان و كوڕەكەم خۆش بوو، كچەكانم پارچەلە بوون، كوڕەكەشم حەفت ساڵان بوو، بەخۆم دڵم نەدەهات ئیشی پێ بكەم، خوشكەكانیشی ئیشیان لەباتی دەكرد، ئەوكات لە گوندەكان مەكتەب نەبوو، كیژ، كە گەورە دەبوو، یارمەتی داكی دەدا و كوڕیش شوانی و گاوانی دەكرد، بەڵام بابی منداڵان وەكی من نەبوو، ئەو زۆر دڵڕەق بوو، كوڕەكەمان تەمەنی حەوت ساڵان بوو، دەیناردە بەر مەڕی. رۆژەك مەڕ چووبووە ناو دەغڵی، كوڕەكەشم هەندە منداڵ بوو نەیتوانیبوو بیانگێڕێتەوە، بابی لە ئاقاری زۆری لێدا، كە هاتەوە دایكت بمری، رشاوە، دوایی لە ترسان خەوی لێكەوت و تایەكی زۆر توندی گرت، هەر ئەو شەوە شوانۆكەم مرد، ئەمنیش لە تاو ئاگری سكم دەستی كیژەكانم گرت و سەرم هەڵگرت و رۆیشتم، نەمتوانی لەگەڵ ئەو پیاوە زاڵمە چی دیكە بژیم كە بووە بكوژی كوڕەكەم، برا گەورەكەم دوو ژووری دامێ، گوتی: بۆ خۆت پاییز سواقی بدە و لەگەڵ منداڵەكان لێرە بە و ئەمنیش چاوم لێتان دەبی، بەڵام بابیان هەر بۆ ئەوەی ئەزیەتم بدات، كیژەكانی لێ سەندمەوە، جارەكی دی ئاگری لە هەناوم بەردا، زۆری نەبرد بابی منداڵان كچە گەورەكەی بۆ خۆی بە ژن دا و دای بە پیرەمێردێك، ئەوەی دیكەی بە شیربایی فرۆشت و شیربابییەكەی

**رۆژەک مەڕ چووبووە ناو دەغڵی، کوڕەکەشم هەندە منداڵ بوو نەیتوانیبوو بیانگێڕێتەوە، بابی لە ئاقاری زۆری لێدا، کە هاتەوە دایکت بمری، رشاوە، دوایی لە ترسان خەوی لێکەوت و تایەکی زۆر توندی گرت، هەر ئەو شەوە شوانۆکەم مرد**

وەکی حەلوای خوارد، ئەوەی سێیەمیشی هەر بە منداڵی سەر بە هەوێ دایە پیاوەکی دەوڵەمەند، شیربایی ئەویشی وەرگرت و خواردی، کیژێ گچکەم پێش ئەوەی مێردی بکا، بە نەخۆشی خوریکە مرد، هەنوکەش بە تەنیا دەژیم، راستە دوو جاران جەرگم سووتایە، بەڵام برینی خوای فێنکە و زوڵمی عەبدی لەبیر ناکرێ، بابم وەختی خۆی غەدرەکی گەورەی لە من کرد، ئەمنی وەکی مەڕ و بزنان فرۆشت، دواتریش بابی منداڵەکانم ئەوەی خوا پێی ناخۆش بوو لەگەڵ من و منداڵەکان کردی، بەڵام حەقی خۆم دایە دەست خوای گەورە، بابم لە مێژە مردییە و چوویتەماڵی حەق، بابی منداڵەکانیش چەند ساڵ لەسەر جێگەی کەوت ئەویش مرد، ئێستاش هیچم نەمایە لە دنیایێ بەس خوای گەورە ئیمانم بە نسیب بکات و رەزیل نەبم.»

رۆژنامەنووس و توێژەری کۆمەڵایەتی عوبێد خدر گۆمەشینی، سەبارەت بە بەسەرهاتی ئەو خاتوونە بەساڵاچووە بەمجۆرە هاتە ئاخافتن: «بێگومان کۆمەڵگەی کوردەواری پڕە لە کێشە و ئاریشە و سەدان و هەزاران چیرۆك و رووداوی دڵتەزێنی لەو شێوەی تێدایە، هەمیشە ژن بۆتە قوربانیی حەزو ئارەزووەکانی پیاوسالاری و باڵادەستیی پیاو، بەرکەوتەیەکی خراپ لەنێوان ژن و پیاو هەبووە، ئەم چیرۆکە پێمان دەڵێت، ئاخۆ چەندین کچ و ژن لە تێڕوانینی سەقەت و لێکدانەوەی هەڵە بوونەتە قوربانی، هەرچەندە ژنی کورد هەمیشە بەهێز و پڕ ئیرادە بووە و بەرگەی زۆر لە ستەم و نادادییەکانی رۆژگاری گرتووە، هەمیشە خۆی بە بەهێز نیشان داوە و شکۆی کەسایەتیی خۆی بەرز راگرتووە، لەپێناو منداڵ و شکۆمەندی و کەسایەتی سەری بۆ هیچ شتێك نزم نەکردووە، چەندین ژن لە تەمەنێکی بچووك و گەنجی هەموو حەزو ئارەزووە کەسیەکانی ژێر پێ ناوە و بە بێوەژن و بەتەنیا خەمی بەخێوکردن و گەورەکردنی منداڵەکانی لەسەر شان هەڵگرتووە، ئامادە نەبووە منداڵەکانی بە قوربانیی بەرژەوەندیی خۆی بکات و بەتەنیا بەجێیان بهێڵێت. پڕ بە گەورەیی خۆی دایکێکی زەحمەتکێش و دڵسوتاو بووە، لە چەند لایەکەوە زوڵمی لێ کراوە لەلایەن باوکی و لەلایەن مێردەکەیەوە و جگە لەوەی کچەکانیش و کوڕەکەی زوڵمیان لێ کراوە. دایکێك پڕ بە هەناسە ساردەکانی، گەرمیی ئازارەکان سوتاندوویەتی. تەنیا شتێك لەلای ماوەتەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئاە وناڵەی خۆی بداتە دەست پەروەردەگار، تا مافەکانی بۆ وەربگرێتەوە.»

**بابم وەختی خۆی غەدرەکی گەورەی لە من کرد، ئەمنی وەکی مەڕ و بزنان فرۆشت، دواتریش بابی منداڵەکانم ئەوەی خوا پێی ناخۆش بوو لەگەڵ من و منداڵەکان کردی**



# هاوڕێ بوونی دایک و باوک لەگەڵ منداڵەکانیان بەرز دەنرخێندرێت

پەیوەندیی گەرم و گوڕی نێوان خێزان لە بەها سەرەکییەکانی ژیانە و پەروەردەی دروستی منداڵیش ئەرکی سەرەکیی دایك و باوانە، زۆربەی دەروونناسانیش جەخت لەوە دەکەنەوە کە دایك و باوك پێویستە جگە لە بەرپرسایەتیی دایکانە و باوکانە بەرامبەر بە منداڵی خۆیان، پێویستە هەوڵ بدەن وەك هاوڕێیەکی دڵسۆزیش لەگەڵ منداڵی خۆیان مامەڵە بکەن، بۆ ئەوەی ئاسانتر لە یەکدی تێبگەن و بتوانن بە سەر هەموو کێشە و گرفت و کۆسپەکانی بەردەمیاندا زاڵ بن. بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان زیاتر شەن و کەوی ئەو پرسە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لەتیف حوسێن توێژەری کۆمەڵایەتییە و باسی ئەوە دەکات «یەکێك لە بایەخەکانی هاوڕێبوونی دایك و باوك لەگەڵ منداڵەکانی خۆیان ئەوەیە کە دەتوانن زۆر بە ئاسانی ببنە جێی متمانەی منداڵەکانیان هەتا بۆ هەر کێشەو بابەتێکی تەنانەت هەستیاریش، بتوانن لای دایك و باوکی خۆیان باسی بکەن، چونکە باوان، یان دایك و باوك بە تەنیا ناتوانن ئەو رۆڵە ببینن، ئەگەر نەتوانن ببنە هاوڕێیەکی زۆر باشی منداڵەکانیان.» هاوکات دەڵێت: «هاوڕێبوونی دایك و باوك لەگەڵ منداڵی خۆیان لە تەمەنی سەرەتای منداڵیدا دەتوانێ بناغە دابنێ و ببێتە هەوێنی چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی منداڵ، ئەگەر لە داهاتوودا رووبدات، بۆیە هەتا نزیکی و هاوڕێبوونی منداڵ لە دایك و باوکی زیاتر بێت، زیاتر دەتوانێت ئەرکی بەرپرسیارانەی بەجێ بگەیەنێت.»

رۆژنامەنووس ژیلا کەریمی سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هاوڕێیەتی دایك و باوك لەگەڵ منداڵ لە پرۆسە هەرە پشتگوێخراوەکانی پەروەردەی کوردییە و بەداخەوە زۆر هەواڵی ناخۆش کە دەبنە سەردێڕی هەواڵەکان لە ئەنجامی ئەو دوورکەوتنەوەی منداڵە لە دایك و باوك و نەخستنەڕووی کێشەکانیانە لەگەڵیان. رەوتی دروستی پەروەدە وایە کە منداڵ یەکەم هەڤاڵی لە ماڵەوە دەستنیشان بکات و یەکەم کەس کە کێشەکانی بۆ باس دەکات، دایك و باوکی بن. منداڵی کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی تۆزێك لە خێزان دوورن و هاوڕێ ئەو بۆشاییەی پڕکردۆتەوە. »

ئەو خاتوونە رۆژنامەنووسە نموونە بەوە دەهێنێتەوە کە «چەندەها نەوجەوانی کوردمان بینی (بە کچ و کوڕەوە) کە بە هۆی خۆشەویستیی نابەرپرسیارانەوە، یان بە هۆی شاردنەوەی پەیوەندییەکەیان لە دایك و باوك، تووشی کێشەی قورس و تەنانەت مەرگ بوون، چەند گەنجی کوردمان بینی کە بە هۆی بێئاگابوون و دووربوونی دایك و باوك لێیان کەوتنە داوای رێکخراوی تیرۆریستی داعشەوە، چەندین نموونەی دیکەی کۆمەڵایەتی هەن کە بەداخەوە خێزان تێیدا زەرەرمەند بوون.» گوتیشی: «ئەو نزیکبوونەوە و هاوڕێبوونە دەبێت لە یەکەم هەنگاوەکانی پەروەردە بێت. دایك و باوك بەو هۆیەی بەرپرسیارن لە پەروەردەی دروستی منداڵی خۆیان، پێویستە ئەوان ئەو هەنگاوە بنێن بۆ نزیکبوونەوە و هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵی خۆیان و دەبێت ئەو دەرفەتە بدەن کە منداڵ لە کاتی هەڵەیەکدا بوێرێت باسی هەڵەکەی بکات و پاڵپشتی و رێنوێنی وەربگرێت. هەر خێزانێك ئەو شێوازە پەروەردەییە تاقی بکاتەوە، دڵنیا دەبێت لەوەی کچ و کوڕی لە کۆمەڵگە پارێزراوتر دەبن.»

فازڵ عومەر وەك کۆمەڵناسێك باسی ئەوە دەکات کە «بەرپرسیارێتی دایك و باوك بەرامبەر منداڵ لە رووی پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەوە لەو کاتەوە دەست پێ دەکات کە منداڵ دێتە دنیاوە و ئەرکە پەروەردەییەکانی دایك و باوکیش هاوشانە لەگەڵ دابینکردنی پێداویستی و ژینگەیەکی تەندروست بۆ گەشەو گەورەبوونی منداڵ، هەڵبەت منداڵ قۆناغەکانی ژیانی بەسەر چەند ئاستێك دابەش کراوە، هەر ئاستەو شێوازێك لە مامەڵە و گرنگیدان دەخوازێت. منداڵ لەسەرەتای چوارساڵی تەمەنی گرنگیدان بە تەندروستی و گەشەی لە ئەولەوییەتدایە، دوای چوونە باخچەی ساوایان منداڵ دەکەوێتە بەردەم پرۆسەی پەروەردە بە پلەی یەکەم فێرکردن بە پلەی دووەم، ئەرکی خێزان لەم قۆناغەدا هاوشان لەگەڵ ئەو دامەزراوەیە کە باخچەیە، دوای چوونە قۆناغی سەرەتایی پرۆسەی پەروەردە بەردەوام دەبێت لەگەڵ ئاستێکی زیاتر لە فێرکردن، رۆڵی دایك و باوك لەم قۆناغەدا ئامێزی گەرم و پێشکەشکردنی خۆشەویستی و دروستکردنی هاوسەنگییە لە نێوان خێزان و دامەزراوەی فێرکردن، لە قۆناغی ناوەندی ئەم ئەرکە قورستر دەبێت، بەوەی دەبێت هاوکار بن لە دروستکردنی کەسایەتیی منداڵ و هەوڵدان بۆ دروستکردنی هەستی متمانەبەخۆکردن لای منداڵ، قۆناغی دواناوەندی کە منداڵ هەندێك گۆڕانی فەسیۆلۆژی تێیدا روو دەدات، پێویستە دایك و باوك بە هۆشیارییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، بە شێوەیەك هەستی نامۆبوون بەخۆی لا دروست نەبێت، لەم قۆناغەدا هاوڕێیەتی لەگەڵ منداڵ لەلایەن دایك و باوك دەبێتە زەروورەت و لەم رێگەیەوە دەتوانن لە رازی منداڵ تێ بگەن و هانی بدەن کە کێشە و گرفتەکانی نەشارێتەوە و بە ئاسانی و بێ ترس باسی بکات. ئەم مەبدەئە بۆ قۆناغی چوونە زانکۆش هەر راست دەبێت.» گوتیشی: «پێویستە منداڵ تا دواقۆناغەکانی خوێندنیش ئەو هەستەی بە زیندوویی بمێنێتەوە کە دایك و باوك مەحرەمی رازەکانی ئەون و دەتوانێ بێ ترس بۆ هەر کێشەیەکی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات.

**پێویستە منداڵ تا دواقۆناغەکانی خوێندنیش ئەو هەستەی بە زیندوویی بمێنێتەوە کە دایك و باوك مەحرەمی رازەکانی ئەون و دەتوانێ بێ ترس بۆ هەر کێشەیەکی گفتوگۆیان لەگەڵ بکات**

**هاوڕێبوونی دایك و باوك لەگەڵ منداڵی خۆیان لە تەمەنی سەرەتای منداڵیدا دەتوانێ بناغە دابنێ و ببێتە هەوێنی چارەسەرکردنی زۆرێك لە کێشەکانی منداڵ، ئەگەر لە داهاتوودا رووبدات**

**رەوتی دروستی پەروەدە وایە کە منداڵ یەکەم هەڤاڵی لە ماڵەوە دەستنیشان بکات و یەکەم کەس کە کێشەکانی بۆ باس دەکات، دایك و باوکی بن**